**د. ڕێبوار فەتاح بۆ هاوڵاتی: "هەوڵەکان خراونەتەکار بۆ کڕینی پسپۆڕانی دەرەوەی حزبەکان و کردنیان بەکەسانی حزبی"**

**سازدانی: کامەران ئیسحاق پەری ـ لەندەن**

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ دکتۆر ڕێبوار فەتاح تاووتوێی پرۆسەی گەڕاندنەوەی هەندەرانییەکان بۆ ناو دەسەڵاتی کوردی دەکات، کە تاچەند ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ توانا کوردییەکان لەدەرەوە (تاراوگە) شکستی دەسەڵاتی کوردیمان پێنیشاندەدات لەناوەوە؟ هەروەها تاچەند ئەم ئاوڕدانەوەیە لەکوردانی تاراوگە بۆ جوانکردنی ڕووکەشی حکومەتەکەیە نەک بۆ خزمەتکردن.

**هاوڵاتی: دەسەڵاتی کوردی لەپاش یەکگرتنەوەی ئیدارەکان کۆمەڵێک لە کەسایەتی حیزبی و تاڕادەیەک سەربەخۆی گەڕاندەوە ناو دەسەڵات، لەناو وەزارەتەکاندا هەڵیسوڕاندن. ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ توانا کوردییەکانی تاراوگە شکستی دەسەڵاتی کوردیمان پێنیشان دەدات؟**

**د. ڕێبوار فەتاح:** سێ هۆکار ڕەنگە کاریگەربووبن لە گێڕانەوەی کەسانی تاراوگە بۆ نێو دەسەڵات. هۆکاری یەکەمیان دیارە پەیوەستە بە ئالۆزیو فراوانبوونی دەزگاکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، کە دوای ڕووخانی حکومەتی سەدام حوسێن، پێویستی بە کەسانی پسپۆڕی هێنایە کایەوە. بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی بەغداد، نوێنەرایەتی دەرەوە و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانیش هەم کەسانێکی پسپۆڕ هەم شارەزای پێویست بوو. دەسەڵاتی کوردستان چاری نەبوو تەنیا پەنابردن نەبێ بۆ کوردستانییە پسپۆڕەکان. هەڵبەت هێندەی کرابێ کەسانی حزبی دانراون. خۆ گەر نەشکرابێ، ئەوا هەوڵەکان خراونەتە کار بۆ کڕینی پسپۆڕانی دەرەوەی حزبەکان و کردنیان بە کەسانی حزبی. هۆکاری دووەمیان، ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی دەرکی لە کۆمەڵێک کەسانی تر کردەوە کە خۆیان لەلایەکدا دەدۆزییەوە. باڵی ناو حزبەکانیش کۆمەڵێک خەڵکیان بردەوە بۆ بەهێزکردنی باڵەکەی خۆیان دژی ئەوانی تر. ئەمانە زۆرتر بۆ بەهێزکردنی حزبەکان و باڵەکان بووە، نەک بۆ بەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵ. هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە کۆمەڵێک کەسی سەربەخۆی ڕۆشنبیریش هەبوون لەدەرەوە، ئەمانیش کڕدران لەلایەن حزبەکانەوە و یەکی سەرو دەزگای ڕۆشنبیریان پێبەخشرا. زۆربەی کەسانی بێلایەن، پاش گەڕانەوەیان بۆ نێو دەسەڵات، کڕ بوون و ئیدی بوون بە بەشێک لە سیستمی گەندەڵی کوردستان. هەندێکیشیان هەڵیان نەکرد و گەڕانەوە تاراوگە. ئێستا هەموو ئەم کەسانە دراوی سواون. لەوانەش کە گەڕاونەتەوە بۆ کورسی دەسەڵات، نەک ڕۆشنبیری، کەسیان بەرهەمێکیان نییە کە بەهەند وەربگیرێن.

جا با بگەڕێمەوە بۆ پرسەکەتان. ئایا گەڕاندنەوەی کەسانی ڕەوەندی کورد ڕەنگدانەوەی هەرەسی دەسەڵاتی کوردستانە؟ ڕەنگە وەڵامێکی ئەم پرسیارە "بەڵێ" بێ، چونکە دەسەڵات بۆی دەرکەوت کە هەموو کارەکانی تەنیا بە کەسانی حزبی یان بنەماڵە بەڕێوەناچێ. لەم ڕووەوە دەتوانرێ بگوترێ کە دەسەڵات چۆکی لەبەردەم تەکنۆکراتەکاندا دادا. هەڵبەت نابێ ئەوەمان لەیادبچێ کە دەسەڵاتیش شارەزایانە ئەم کەسە سەربەخۆیانەی بردەوە، کردنی بە پێچی گچکەی ئامێرە مەزنەکەی و، بە ناوی حزب و بنەماڵە شتنیەوە. ئەمە تێڕوانینێکی تریشی هەیە. خۆ ڕەنگە دەسەڵاتی کوردی زانیبێتی بە گەڕاندنەوەی کەسانی تاراوگە، بەتایبەتیش کەسانی سەربەخۆ، بەرەی ئۆپۆزیسیۆم کزدەبێ. ڕەوەندی کورد لە دەرەوە، گەر کارابکرێ، بەهۆی ئەو دەوروبەرە ئازادەوە کە تێیدا دەژین، لە کاریگەری حزبی ئازادن و سەرچاوەیەکی کاریگەری بە سیقڵکردنی کۆمەڵی

کوردستان دەبن. ئەمەش دەسەڵاتی حزبی کەمدەکاتەوە، کە لە بەرژەوەندی کورتبینی حزبەکان نیە. لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، کەسانی سەربەخۆ کە گەڕاونەتەوە نەخراونەتە پۆستی بڕیاردەرەوە، بەڵکو زۆرتر وەک کەسانی پسپۆڕ بەکارهێنراون. دەسەڵاتو پۆستە بڕیاردەرەکان هەر بەدەست بنەماڵەوە ماونەتەوە. ئێستا کۆمەڵێک بەچکە بنەماڵە پێگەیشتوون، کە ئەمانیش لە چڵکاوی گەندەڵیدا نوقمن.

**هاوڵاتی: تاچەند ئەم ئاوڕدانەوەیە لە کوردانی تاراوگە بۆ جوانکردنی رووکەشی حکومەتەکەیە نەک بۆ خزمەتکردن؟**

**د. رێبوار فەتاح:** وەک گوتم، گەڕاندنەوەی کەسانی تاراوگە تەنیا بۆ رازاندنەوەی دەسەڵات نەبووە؛ دیارە ئەمە بەشێکی بووە. بەڵکو بۆ بێهێزکردنی بەرەی تاراوگەش بووە، کە هەردەم دەستەیەکی کاریگەر بوون بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ کۆمەڵ، شکاندنی بەحزبکردنی کۆمەڵ و گەندەڵی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەسەڵاتی بڕیاردەر هەر بەدەست حزب، بگرە بنەماڵەوە، ماوەتەوە و کەسانی براوە کراونەتە کارمەندی بێدەسەڵات.
هەندێک رۆشنبیری ناسراو براونەتەوە؛ دیارە ئەمانە بۆ رووکەشی لایەک، پارتی یان یەکێتی، بووە. هەریەکەی سەرو دەزگای رۆشنبیریان پێدراوە، کە ئەز بە دەزگای دەمکوتکەریان ناودەبەم. سەرباری ئەو هەموو دەسەڵات و دەرامەتەش کە پێیاندراوە، کاریکی بەرچاویان نییە.

**هاوڵاتی: هەندەرانییەکان نەیانتوانیوە، گۆڕانکاریی گەورە بخولقێنن!؟**

**د. رێبوار فەتاح:** ئەو کەسانەی کە گەڕاونەتەوە ناو دەسەڵات لە کانیەک ئاو دەخۆنەوە، کە رەنگە لایان جوان نەبێ بەردی تێبخەن. ئەمانەش کە گەڕاونەتەوە، بۆ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی نەچوونەتەوە، بەڵکو کەسێک یان دەستەیەکی ناو حزبێک بردوونیەتەوە. لێرەدا دەڵێم کە تەنانەت حزبیش نەیبردوونەتەوە، چونکە حزبیش وەک یەکەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا کارا نییە. بگرە حزب تێکەڵێکە لە خێڵ، بنەماڵە و کەسانی کاریگەر، کە تارادەیەک بە سەربەخۆیی لەیەکتر کاردەکەن. هەریەکەیەیان باڵێکی پێکهێناوە. رەنگە نموونەیەک باشتر ئەم مەبەستە بدات بەدەستەوە. لە یەکێک لە دەستەی بەڕێوەبردنی زانکۆکانی کوردستان بنۆڕە: لە هەر دەستەیەکی ناو تاکە حزبێک چەند کەسێک دامەزراوە. لەم بۆچوونەدا، دەکرێ بگوترێ کە دەستگاکانیش بچووککراوە و رەنگدانەوەی حزبەکانن. ئەم سیستمە حزبیە گەندەڵە لە هەموو دەزگاکاندا بەرقەرارە.
ئێستا دەچینە ناو بابەتێکی کەمێک ئاڵۆزەوە: بۆچی دەسەڵات و تەنانەت کۆمەڵگەی کوردستان بە دەزگا نەکراوە وەک ئەوەی لە کۆمەڵێکی ئەورووپیدا دەیبینین. کۆمەڵی کوردستان لە قەیرانێکی زۆر خراپدایە بەهۆی دانەمەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سیڤڵسالارەوە، کە کارا کاروباری هاوڵاتییان یان دانیشتووان رابپەڕێنێت. (لێرەدا "دانیشتووان" راسترە، چونکە کۆنسپتی "هاووڵاتبوون" لە کوردستاندا هێشتا نییە.) دەسەڵاتی کوردستان نەیتوانی کۆمەڵگەیەکی لەمجۆرە دابمەزرێنێ، بەڵکو لەبری، دەتوانم بڵێم، سیستمێکی گەندەڵی دامەزراوە، کە هیچ کارێک راناپەڕێ گەر کەسێکی دەسەڵاتدار نەناسیت. ئەم سیستمە گەندەڵە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە. دیارە کۆمەڵێک خەڵکی بێتوانا کەڵکیان لێوەردەگرن.

جا بۆئەوەی کە کەڵک لە خەڵکی گەڕاوە وەربگیرێ دەبێ کوردستان بە سیستم بکرێ. ئەمەش کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لەخۆدەگرێ، کە ناکرێ لێرەدا زۆر درێژەی پێبدرێ. خۆ رەنگە بڕبڕەی پشتی بەدەزگاکردن لە دابەشکردنی دەسەڵاتەوە دەستپێبکات. گەر دەسەڵاتەکان جودا بکەنەوە بۆ یاسادانان، جێبەجێکردن و داد سەرەتایەکی باش دەبێ. حزب لە کوردستاندا، بگرە لە رۆژهەڵاتی نێوەندا، سەرچاوەی گرفتەکانە، نەک چارەسەرەکان. دیارە حزب و خێڵ، بنەماڵە و خێزان تێکەڵ بوون. جا بۆیە ئەستەمە بەبێ بێدەسەڵاتکردنی حزب

باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەدەزگاکردنی دەسەڵات بکرێ. دەستپێکی بە دیموکراتکردن، بە سیستمکردنو بە شارستانکردنی کۆمەڵ بەستراوە بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حزبەوە.

**هاوڵاتی: دەسەڵاتی سیاسی کوردی کەسانی بێلایەن قبوڵناکەن!**

**د. ڕێبوار فەتاح:** من لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک بکەم. دەسەڵاتی کوردی کەسانی بێلایەن قبوڵ ناکەن، گەر نەبێت بە نۆکەری حزب، بگرە بنەماڵە. بناغەی حزبە کوردییەکان لەسەر ئەم بنەمایە بەندە: تۆ ئێمەت قبوڵە وەک ئەوەی کە هەین؛ ئەوجا ئێمەش تۆمان قبوڵ دەبێت. دیارە کەسی سەربەخۆ دەبێ پێشەکی حزب قبوڵ بکات؛ ئیدی بە سەربەخۆیی نامێنێتەوە. کەسێکیش ناتوانێت بچێتە دەزگایەکی دەوڵەتەوە تا کار لە بوارەکەی خۆیدا بکات، چونکە لەم سیستمە گەڕەلاوژێیەدا، دەوڵەت خاوەنەکەی حزبە. بۆ نموونە، فەرمانبەر کار بۆ حزب دەکات، نەک دەزگایەکی کۆمەڵ. ئەوەندەی من ئاگاداربم، کەسانی سەربەخۆ نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان ناکەن لە دەرەوە. ئەو کوردانەی کە لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا کاربەدەستن؛ ئەوانەی نوێنەری حکومەتی هەرێمن یان نوێنەری حزبەکانن لە دەرەوەی کوردستان، کەسانی سەربەخۆ نین. کەسانی سەربەخۆ لە سیستمی حزبی ئەمڕۆدا جێیان نابێتەوە وەک سەربەخۆ. کەسانێکن کە تواناکانیان لە چوارچێوەیەکدا قەتیسە و توانای بیرکردنەوەی ئازادیان پێنادرێ لە سیستمی حزبیدا. پارتی و یەکێتی، بگرە حکومەتی هەرێمیش، کۆمەڵێک دەزگایان لە دەرەوەی کوردستان دامەزراندووە، بەڵام هیچیان دەسەڵاتی بڕیاردانیان پێنەدراوە. کەسێک، یان سەرچاوەیەک، هەیە کە لە سەرۆکی حزبەوە نزیکە، ئەو وەک قەرەقۆز هەڵیان دەسوڕێنێ.

**هاوڵاتی: قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی کاریگەری بێت تەنیا لەتاراوگەوە دانامەزرێت؟**

**د. ڕێبوار فەتاح:** ئەمڕۆ قەوارەیەکی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا نیە. قەوارەیەکی سیاسی، بۆئەوەی کاریگەر بێ، تەنیا لە تاراوگە دانامەزرێ، بەڵکو دەبێت پێگەی لە کوردستاندا هەبێ. دەبێ ئەوەش بڵێم کە لەبەر چەند هۆکارێک پێی ناڵێم "حزب"، بەڵکو ناوی دەنێم "قەوارەیەکی سیاسی". حزب بیرۆکەیەکی هەڵقوڵاوی جەنگی سارده و ڕەنگە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا باوی بەسەرچووبێ. خۆ ڕەنگە ئایدیۆلۆجی، کە گیانی حزبە، ئەو کاریگەرییەی نەمابێ، کە پێشتر هەیبوو. دیارە هەوڵدراوە و هەوڵیش بەردەوامە، بەڵام دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی کە بتوانێ دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگرێتە دەست، لە ئەمڕۆدا ڕەنگە پێویستی بەخۆئامادەکردنێکی زۆر هەبێ. بەهۆی بەدڕەفتاری و بەدگوفتاری حزبەکانی کوردستانەوە، نائومێدییەک خەڵکی کوردستانی گرتووەتەوە، کە پێویستی بە تەکانێکی توند هەیە تا هیوا پەیدا بکرێتەوە. ئەمەریکا و هاوپەیمانانیشی ڕۆڵێکی نەگەتیڤیان لە باشووری کوردستان و عێراقدا گێڕا کە بێهیوایی خەڵکیان زیادکرد. دەسەڵاتی کوردستانیش پشتگیری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ تەسەککردنەوەی سەکۆی ئازادی بەکارهێنا، نەک بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی سیڤڵسالاری دیموکرات کە قانون تێیدا باڵادەست بێ.

ئەو پرسەی کە لێرەدا گرنگە: ئایا بنەماکانی دامەزراندنی ئەو قەوارە سیاسییە چین؟ ئەو ئاستەنگانە چین کە لەڕێیدان؟ کێن ئەو چین و توێژانەی کە کۆمەڵ دەجوڵێنن؟ ئەمە پرسێکی گرنگە حەزدەکەم کەمێک لەسەری رابمێنم. لەسەردەمێکی پێشتردا، کە بیری چەپ زاڵ بوو، دەگوترا کە لە کوردستاندا جووتیاران و کرێکاران بزوێنەری کۆمەڵن. گەر ئەم بۆچوونە پێشتریش ڕاست بووبێ، ئەمڕۆ گۆڕاوە. هەڵبەت ئەمڕۆ ئەم دوو چینە، گەر هەشبن، زۆر لاوازن و ناتوانن پێشڕەوبن. خۆ ڕەنگە ئەمەش هۆکاری پوکانەوەی ڕێکخراوی چەپ بێ. ئەو چین و توێژانەی کە لە ئەورووپا پێیاندەوترێ "چینە ناوەندییەکان" ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاریگەرن. ئەمانیش مامۆستایان، قوتابیانی زانکۆ، فەرمانبەران و هەندێک چینو توێژی ترن. زۆر گرنگە کە ئەم چینو توێژانەی

کۆمەڵ بەهێزو سەربەخۆ ببن لە دەسەڵات و لە کۆنترۆڵی حزب، چونکە ئەمان هەم زۆرینەی کۆمەڵن، هەم رۆشنبیرن و هەم پەراوێزیش خراون. بەکورتی، گۆڕانکاری کۆمەڵیان لە بەرژەوەندییە. کەسانی ناو ئەمانیش دەبن بە بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتێکی دیموکراتی داهاتوو. ئاستەنگی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم چین و توێژە بزوێنەرانەی مێژوو ئەمڕۆ بژێوییان بەدەست حزبەکانە.

خۆ رەنگە ئەمڕۆ دوو ڕێی تەریبمان لەبەردەمدا بێ بۆ دامەزراندنی ئەو قەوارە سیاسییەی کە باسمکرد. یەکێکیان بەهێزکردنی رێکخراوە شارستانەکانە و یەکگرتنیانە. دووەمیان، کە هاوکاتە بە یەکەم، دامەزراندنی قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی– سیاسی سەربەخۆیە.

راستە زۆربەی رێکخراوەکان داردەستی حزبەکانن، بەڵام هاوکات چەند رێکخراوێک هەن کە سەربەخۆن و دەکرێ بەشداربن لە دامەزراندنی ئۆپۆزسیۆنەکەدا. ئەم رێکخراوانە دەتوانن لەیەک نزیکببنەوە یان نزیکبکرێنەوەو ببنە پاڵپشتی گۆڕانکارییەکان. من گەر پێشنیارێک بکەم بۆیان بەمجۆرە دەبێ. ئەم رێکخراوانە دەتوانن پێکەوە گردببنەوەو هەریەکەیان نوێنەرایەتی تایبەتمەندێتی خۆی بکات لەنێو گردبوونەوەکەدا. بۆنموونە، گەر رێکخراوێکی شارستان وەک نێوەندی چاک تایبەتمەندە لە کامپەینی نێودەوڵەتیدا، ئەوا دەتوانێ ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ لە گردبوونەوەکەدا. گەر، بۆنموونە، رەوتی هەتاکەی تایبەتمەندە لە دادوەری و جوداکردنەوەی یاسا لە حزب، سیاسەت و ئاین، ئەوا ئەمان لەنێو گردبوونەوەکەدا دەتوانن ئەو کارەی بگرنە ئەستۆ. بەمجۆرە دەتوانرێ گردبوونەوەیەکی بەهێز دابمەزرێ بەبێئەوەی کە هیچ رێکخراوێک پەنابخرێت.

تەریب و هاوکات بە دامەزراندنی گردبوونەوەیەکی رێکخراوە شارستانەکان، کارکردنە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی– سیاسی کە گردبوونەوەیەک لە کەسان و گروپی دەر و ناوی دەسەڵاتی کوردستان لەژێر پرۆگرامێکدا، کە ئامانجی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ. لێرەدا رێکخراو و کەسانی ناو حزبەکان دانابڕم، چونکە حزب و دەسەڵات کار تەنیا بۆ کۆمەڵێکی کەم دەکات و زۆرینەی حزبییەکانیش ئاوەکی خراون، بۆ بەرژەوەندی خزمانی بنەماڵە. ئێستا کۆمەڵێک رێکخراو، گروپ و رەوت دامەزراون لە کەسانێک کە پێشتر لە حزبدا بوون، بەڵام داوای گۆڕانکاریی دەکەن لە حزب و دەسەڵاتدا. ئەو پرسەی کە لێرەدا دێتە وەڵام ئەوەیە کە ئەم گردبوونەوەیە لە دەوری چ پرۆگرامێک کۆببێتەوە.

خۆ رەنگە نابەجێ نەبێ کە بەرکوڵێک لەم پرۆگرامە بخەینەڕوو، تەنیا بۆ روونکردنەوەی بەرچاومان. ئەم گردبوونەوە کۆمەڵایەتی– سیاسییە دەتوانێ پێشنیاری چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بکات کە کۆمەڵگەی کوردستان ئەمڕۆ بەدەستییەوە دەناڵێنێ. نموونەی ئەم گرفتانەش، رەنگە ئەمانە بن: گەندەڵی ئابووری؛ ئەتکردنی (فەساد) کۆمەڵایەتی؛ نارەوایی کۆمەڵایەتی؛ ناپۆتیزم (خزمخزمێنە)؛ نەهێشتنی دەسەڵاتی رەهای حزب؛ جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان؛ جوداکردنەوەی ئابووری و سیاسەت؛ جوداکردنەوەی ئاین و سیاسەت؛ ریفۆرم لە سیستمی داددا؛ داڕشتنی دەستورێکی گونجاو بۆ کوردستان؛ گۆڕینی دەقە قانونییەکان؛ ریفۆرمی سیستمی ئابووری، خوێندن و رۆشنبیری؛ جوداکردنەوەی میدیا لە دەسەڵات و حزب؛ بازکردنی (شەفافیەت) دەسەڵات و حزب؛ ریفۆرمکردن لە کاری حزب و رێکخراودا؛ دامەزراندنی سیاسەتێکی کوردستانی بۆ رەفتارکردن لەگەڵ بەغداد، رژێمەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو نێونەتەوەیی. ئەم پرسانە و چەندین پرسی تر دەکرێ ببن بە دەستپێک بۆ گردبوونەوەی رێکخراو و کەسانی سەربەخۆ تا کوردستان لە حزبەکان رزگاربکرێ.

رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە 481
Sunday, December 14, 2008